# بەرشەلۆنە باشترین یانەی جیهان بۆ وەرزی ئەمساڵ



**ڕاپۆرت: هیوا علی**

لە یاریگای ئۆڵمپیکۆی شاری ڕۆما ی پایتەختی ئیتالیا یانەی بەرشەلۆنەی توانی شایستەی بردنەوە بێت بە باشترین و جوانترین یاری لە بەرامبەر یانەی مانچستەر یونایتدی بە جوانترین گۆڵی ئیتۆ و میسی بەرشەلۆنە بووەتە خاوەن نازناوی پاڵەوانی جامپیۆنس لیگ و میسیش سەلماندی باشترینە و بەرشەش باشترین یانەی جیهان بۆ وەرزی ٢٠٠٨-٢٠٠٩.

لە یاریکی کۆتایی وپڕ بینەر و خۆئامادەکار لە نێوان هەردوو یانەی بەشەلۆنەی ئیسپانی ومانچستەر یونایتدی ئینگلیزی لە یاریگای ئۆڵمپیکۆی شاری ڕۆمای ئیتالیا، بەرشە توانی بە ئاستێکی زۆر بەرز یاریەکە بباتەوە بە ئەنجامی دوو گۆڵی بێبەرامبەر و مانچستەر بێ ئومێد بکات لە نازناوی جامپیۆنس، بەرشەلۆنە بەم بردنەوەیە جاری سێیەمی لە مێژووی خۆیدا تۆمار کرد لە یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا ، لەو یاریەدا ئەتوانرێ شایەتی بۆ جوانترین یاری پویۆل بدرێ کە بە ئاستێکی بەرز گوشاری خستە سەر کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ و نەیهێشت یاریکی باش ئەنجام بدات بەو یاریە جوانەی پویۆل توانی بیسەلمێنێ کە شایستەی کاپتنیە، هەروەها میسی و ئەنیەستا وچاڤی جوانترین ئاستیان پێشکەش کرد.

پویۆل هەموو زیرەکیەکانی یاریەکەی پێشکەش بە هاندەرانی یانەکەی دەکات، لە دوای بردنەوەی یاریەکە و بەرزکردنەوەی جامی سەرکەوتن تاکو بەرەبەیانی ڕۆژی پێنج شەممەی ٢٨-٥ئاهەنگی خۆشی بردنەوەکەیان بەردەوام بوو لە هەردوو شاری کاتالۆنیای ئیسپانیا و ڕۆمای ئیتالیا بۆ ئەم مەبەستە کاپتنی یانەی کاتالۆنی کارلۆس پویۆل بۆ کەناڵی(کاناڵ پلاس) وتی"من ئەو هەموو زیرەگی و قارەمانیەتیە پێشکەش بە هاندەرانی یانەکەم دەکەم لە هەموو جێگایەک سوپاسیان دەکەین چونکە لە ناخۆشیەکانی بەرشەش هەر لە گەڵمان ناخۆشیان بینیوە و ئێستاش لە خۆشیەکاندا هەر لە گەڵمانن".

هاندەرێکی بەرشەلۆنە لە گەرمیان بردنەوەی بەرشەلۆنە بە شایستە ئەزانێو هیوای ئەوە دەخوازێت لە نزیکەوە یاریزانەکانی بەرشەی ببینێت و وێنەیەک بگرێت لە گەڵیان"ڕزگار کەمال"زیاتر قسەی کردو وتی"من لە هەموو ژیانمدا یەک ئاواتم هەیە ئەوەش لە نزیکەوە یاریزانەکانی بەرشە ببینم و لە نزیکەوە سەیری یاریەکانیان بکەم وەکو ئەو هاندەرانەی لە ناو یاریگاکەن"، هەروەها لە درێژەی قسەکانیدا ئەم بردنەوەی بە شایستە زانی بۆ بەرشەلۆنە وتی"چونکە بەڕاستی بەرشە ئەوەی لە توانایدایە کردی و جوانترین یاری پێشان داوە بۆیە حەقی بردنەوەی بووە هیوادارم هاندەرانی ڕیاڵ نیگەران نەبن بە بردنەوەکە".

حەسەن حەمە ئەمین هاندەرێکی سەر سەختی یانەی بەرشەلۆنەیە لە شاری کفری هەموو یاریەکانی بەشە ئەبینێت و چێژێکی تایبەتی هەیە بۆی لە بارەی یاریەکەوە وتی"لە سەرەتایی یاریەکەوە یانەی کاتەلۆنی باشتر و بەتواناتر بوو ئەنجا شەڕەکەش لە نیوان ڕۆناڵدۆ و میسی بوو بۆیە لە هەردوو لا دۆڕان و منش ئەو بردنەوەیە بە شایستە ئەزانم بۆ بەرشە و زۆر دڵخۆشی کردم" لە باسەکەی بۆ هاندەرانی ڕیاڵ مەدرید نامەی ئەوەی ناردووە کە چیتر خەم نەخۆن و هیوای ئەوەی خواست زۆر خەم نەخۆن.

حەیدەر ئەحمەد مامۆستای وەرزشە و هاندەری یانەی مانچستەرە و ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە حەزی لە بردنەوەی یانەی ئینگلیزیە لە بەر ڕقی هاندەرە تونڕەوەکانی یانەی کاتەلۆنی، بۆ یاری کۆتایی نێوان بەرشە و مانچستەر وتی "بەڕاستی بەرشە شایستەی بردنەوە بوو چونکە ئەوەی مانای یاری بێت بەخشیانە هاندەرەکانی خۆیان لە گەڵ ئەوەش زۆرم پێ ناخۆش بوو کە یانەکەی خۆم دۆڕا".

خەلیل حەمید هاندەرێکی یانەی ڕیاڵ مەدرید لە بارەی بردنەوەکانی یانەی بەرشەلۆنە وتی"ئەم وەرزە وەرزی چەنس بوو بۆ بەرشەلۆنە بەڵام لە یاری کۆتایی یاریکی باشیان کرد حەقی بردنەوەیان بوو بەڵام لە یاریەکانی تر چەنسیان زۆر بوو بۆ نمونە یاریەکەی یانەی چێلسی چەندین هەڵە هەبوو ناوبژیوان نەیگرد بۆیە ناوبژیوانەکە دواتر دەستی لە کار کێشایەوە لە بەرامبەر ئەو غەدرەی کردی بۆ یانەی ڕیاڵ هەموو تاوانەکەی لە ئەستۆی سەرۆکی یانەکەیە بۆیە نەگەشتنە ئەم ئاستە".

## تەیسیر ئەلمەشهەدانی داوای هەڵوەشاندنەوەی وەرزش و لاوان دەکات

**زەنگ : باوکی میران**

لە وەڵامی ئەو لێدوانەی تەیسیر ئەلمەشهەدانی ئەندامی پەرلەمانی عێراق کە ئاماژەی بۆ کرد سەرۆک وەزیرانی عێراق نوری ئەلمالکی بە نیازە چەند وەزارەتێک هەڵبوەشێنێتەوە لەوانە وەزارەتی وەرزش ولاوان. لە وەڵامی ئەو لێدوانە، سەرچاوەیەک لە نووسینگەی وەزیری وەرزش ولاوان (کە نەیدەویست ناوی ئاشکرا بێت) بە زەنگی ڕاگەیاند: ئەو لێدوانەی پەرلەمانتار تەیسیر ئەلمەشهەدانی هیچ بنەمایەکی نیە و دوور لە ڕاستیە چونکە وەزارەتی وەرزش ولاوان وەزارەتێکی گرنگە و تایبەتە بە چالاکییە وەرزشیەکان وسەرجەم لاوانی عێراق لە خۆ دەگرێت .

ئەو سەرچاوە پێی وایە ،ڕەنگە هۆکاری سیاسی لە پشت ئەو جۆر لێدوانانە هەبێت بەوەی ئێستا لە پەرلەمانی عێراق ململانییەکی توند لە نێوان هێزە سیاسیەکانی عێراق ڕوویداوە و چەند وەزیرێک بوونەتە جێگەی هێرشی لایەنە سیاسیە ناکۆکەکان .

## وەرزشوانێک لەدوای سی ساڵ خزمەتی وەرزش دەست لەکاردەکێشێتەوە


جەلیل سابیر

**زەنگ: تایبەت**

جێگری یانەی وەرزشی کفری جەلیل سابیر لەدوای خزمەتکردنی ٣٠ ساڵ لەبواری وەرزشدا لەکفری و گەرمیان بێ بەرامبەر ئێستا دەست لەکارکێشانەوەی خۆی ڕاگەیاندوە، جێگای ئاماژەیە کە جەلیل یەکێک بووە لەیاریزانە ناودارەکانی سنووری و گەرمیان و یانەی وەرزشی کفری لە ساڵەکانی ڕابردوو.

بۆ ئەم مەبەستە لە پەیوەندییەکدا لە بارەی دەست لەکارکێشانەوەکەی ووتی" دیارە من ماوەیەکی زۆرە لە ڕابردوودا خزمەتێکی زۆری وەرزشم کردووە هاوشانی هەڤاڵانی خۆم بەڵام ئێستا دەستم لەکارکێشاوەتەوە کە ڕەنگە لە ئێستادا کاتی باسکردنی گونجاو نەبێت بۆیە پێم وایە کەسێکی تر ئەو ئەرکەی من لە ئەستۆ بگرێت و دەست لەکارکێشانەوەکەشم داوە بەیانەی وەرزشی کفری هیوادارم قبوڵی بکەن".

لە بارەی خزمەت کردنی لە ماوەی چەند ساڵەی ڕابردوو وتی"من لەو ماوەیە توانیومە چەندین خزمەتی بەرچاوی وەرزش بکەم بێ بەرامبەر تەنها لە بەر بەرژەوەندی وەرزش لە شاری کفری بەڵام ئەوەی لە توانای من بێت کردوومە بۆیە پێم خۆشە ئەوەی لە دوای من دێت بتوانێت بیکات بۆنموونە یەکێک لە ئاواتەکانم ئەوە بووە کفری خاوەن یاریگایەکی چیمەن بێت ".

## ڕۆڵان گارۆس لەدیدی هاندەرانیدا

**زەنگ: بێستون سەلام**

ڕوڵان گارۆس یەکێکە لەو خولە گەورانەی تێنسی سەر زەوی کە ئەو یاریزانەی جامەکە بباتەوە (٢٠٠٠) خاڵ بە دەست دەهێنێ، ڕۆڵان گارۆس بە دووەم خول (گراندسلام) دادەنرێت دوای خولەکانی ئوستراليا، لە کوردستانیش یاری تەنس و یاریزانان جێ سەرنج وتێڕوانینی کۆمەڵی کەسن، ئەتوانین ئەوەش بڵێن ئێستا بە پلەیەک دوای هەندەرانی تۆپی پێ بە پلە دوو دێت لە ڕووی جەماوەرەوە.

ئەو یەکێکە لە هاندەرانی (ڕۆجێر فیدرێر) کە بە مایسترۆ ناسراوە زۆر تامەزرۆی یاریەکانیتی زۆریشی سەرسامە پێی، (ڕەوەند حەسەن) کە خوێندکاری پەیمانگای هونەرەجوانەکانی کفرییە زۆربەی خولەکانی تێنس سەیر دەکات بۆ خولی ڕۆڵان گارۆسیش پێیوایە کە تەنها ڕۆجێر فیدرێر شایستەی ئەو نازناوەیە.

ڕۆڵان گارۆس کە ساڵانە لە ٢٤-٥ هەموو ساڵێک لە شاری باریس دەست پێدەکات ماوەی ١٥ ڕۆژ دەخایەنێت، کە بە یەکێک لە هەرە خولە بەناوبانگەکان دادەنرێت کە لەسەرخۆڵ ئەنجام دەدرێت.

(هێرش عومەر) کە یەکێکە لە هاندەرانی ڕافائیل نادالی ئیسپانی کە ریزبەندی یەکەمی جیهانە وتی:" من هیچ لەزەتێک لە یاریکاندا نابینم کە دوای ئەوەی نادال لە خولە چووە دەرەوە ئەگەرچی بە بڕوای من ئاستێکی باشی نەنواند بەرامبەر سۆدرلینگی سویدی بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەر یەکەمی جیهانە"

ڕافائیل نادال کە چوار ساڵە لەسەر یەک ئەم خولە ئەبات ئەمساڵ دوای ٣٢ یاری بردنەوەی لەسەر یەک لە خولی ڕۆڵان گارۆسدا سۆدرلینگ دوای ئەوەی توانی چوارەمی جیهان بکاتە دەرەوە جیکۆڤیچ کاروانی درێژی نادالی ڕاگرت بەرای زۆرێکیش ئەمساڵ لە ساڵانی تر ڕۆڵاند گارۆس زۆرجیاوازتر بوو بە هۆی (موفجئات) کە تەنها لەو دە کەسی یەکەمینە تەنها فێدرێرو دلپۆترۆی ئەرجەنتینی ماون .

ئەمش یەکێکە لەو هاندەرانی کە سەیری یاریەکانی تێنس ئەکات بەڵام وەکو خۆی ئەڵێت پێخۆشە سۆدرلینگ بگاتە کۆتای و جامەکە ببات ڕێبوار نەجمەدین کە زۆربەی یاریکانی تەنس تەماشا ئەکات ئەڵێت:" پێمخۆشە سۆدرلینگ جامەکە بەرز بکاتەوە بەڵام نابێت ئەوشمان لە بیر بچێت کە فیدرێر لە یاریەکە نەچۆتە دەرەوە بۆیە لە فیدیرر زۆر دەترسم ".

ئەویش یەکێکی ترە لە هاندەرانی فرناندۆ گۆنالیزی شیلی کە لە خولەکەدا ئاستێکی زۆر باشی پێشکەش کرد، (محەمەد فاتیح) دەڵێت زۆر حەز دەکەم گۆنزالیش بیبات بەڵام دڵنیام سەد دەر سەد فیدرێر جامەکە بەرز دەکاتەوە .




## لەمیوزیکاڵ کیک بۆکسیندا
## گەرمیانیەکان کلدان و ئاشتیان بەجێ هێشت



**راپورت : قادر ئیسماعیل**

شەش گەنجی گەرمیانی بوون بە پاڵەوانی جۆرێکی نوێی یاری کیک بۆکسین وتوانیان بە نمایشی جوان سەرنجی ئامادەبوان ڕابکێشن.

سەنتەری گەشەپێدانی چالاکی لاوان ئوفیسی کفری توانی ببێتە یەکەمی ڕەکابەری (میوزیکال فۆرمس کیک بۆکسین) کە بۆ یەکەم جارە لە کوردستان ئەنجام دەدرێ ولە سلێمانی میوانداریێتی کران وتێدا وەرزشوان لەگەڵ ئاوازی موسیقا بەهرە هونەریەکانی خۆی دەردەخات وبەتەنها یاری دەکات لەماوەی نزیکەی ٢ خولەکدا و٤٠ خاڵی لەسەرە لەوبارەوە ڕاهێنەری ئوفیسی کفری وتی:" هەرچەندە ئەو جۆرە یاریە بۆ یەکەم جارە لە کوردستان ئەنجام دەدرێ بەڵام ئێمە ئامادە باشی تەواومان بۆ کرد ویاریزانەکانمان ئامادە کرد بۆیە دەستکەوتمان باش بوو " عیماد مەحمود کە لە پێشکەوتواندا توانی ٣٩ خاڵ کۆبکاتەوە ئاماژەی بەوەشدا ئەم ڕەکابەریە بەسەرپەرشتی ڕاهێنەری نێو دەوڵەتی(جلیل عبدالرحمن) کەبەرپرسی یاریە تارتانیەکانە بە بەشداری یانەی وەرزشی کلدان و تیپی کیک بۆکسینی کۆمیتەی ١٠ی ئاشتی ئەنجام درا، کۆی خاڵەکانی کفری لە پێشکەوتوان ولاوان گەیشتە ١٨٠ خاڵ. عیماد وتیشی هەندێ جار موسیقا ناچارت دەکات گرتەی تایبەتی دەربکەیت وهەندی جار ئازادی لە دەربرینی پەرچە کردارت وئەمەش لە کوردستاندا شتێکی تازەیە وبایەخێکی زۆری پێ نەدراوە.

## پێشمەرگە و تەلەبە ڕوو بەڕووی یەک بوونەوە

**زەنگ: نوسینگەی کەلار- ئەرکان**

لە دەسپێکی خولێکی تۆپی پێ لە ناحیەی ڕزگاری کە تێدا ١٨ تیپ بەشداربوون هەردوو تیپی تەلەبە و پێشمەرگە ڕوو بە ڕووی یەک بوونەوە.

کۆمیتەی ڕێکخستنی رزگاری ( ی .ن . ک) بەهاوکاری لیژنەی تیپە میللیەکانی ناحیەی رزگاری بە بۆنەی یادی ٣٤ ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی خوولێکی تۆپی پێی بۆ١٨ تیپ میللی ناحیەی رزگاری و دەورووبەری کردەوەو یارییەکان بەشێوازی یەک دۆڕاندن بۆدەرەوە ئەنجام دەدرێت و بە ئامادەبوونی بەرپرسانی حیزبی و حکومی و وەرزشکارن و هاندەرانی وەرزشی لە مەراسیمێکدا یەکەم یاری خوولەکە لە نێوان هەردوو تیپی میللی ( تەلەبە و پێشمەرگە )ئەنجام دراو تیایدا تیپی تەلەبە بە ئەنجامی ٤-٠ گۆڵ یارییەکەی بردەوەو ڕۆژانە یارییەکانی تریش لە یاریگای ( شەهید ئارام ) لە ناحیەی رزگاری بەرێوە دەچێت.